# شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە نێوان شوناسی ئاینی و نەتەوەییدا 1925

**پ.د.پشکۆ حمە تاهیر عبدالرحمن**
Pishko.tahir@univsul.edu.iq
**بەشی مێژوو- کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان**
**زانکۆی سلێمانی**

**بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١ بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٤/١٠**

**پێشەکی :**

کاتێك سەیری لاپەڕەکانی مێژووی کوردستان دەکرێت بەگشتی و مێژووی هاوچەرخی کوردستان بەتایبەتی، بەئاسانی ڕاستیەك بەرجەستە دەبێت کە لەقۆناغە جیاجیاکانی دا چەندین ڕاپەڕین و شۆڕش دژ بە داگیرکەرانی کوردستان سەریهەڵداوە، هەریەك لەو ڕاپەڕین و شۆڕشانەش شوناس و تایبەتمەندی خۆی هەبووە، بێگومان شۆڕشی باکوری کوردستانی 1925 دا کە ناسرابوو بە ( شۆڕشی شێخ سەعید پیران)، کە دژبەدەسەڵاتی دەوڵەتی ناسیۆنالیستی تورك بەسەرکردایەتی مستەفا کەمال ئەتاتورك سەریهەڵدا، شوناسی ئەم شۆڕشە خوێندنەوەی جیاجیای بۆ دەکرێت لەلای مێژوناسی و کەسانی سیاسی، هەندێك پێیان وایە ئەم شۆڕشە شۆڕشێکی ئاینی یە و ئامانجی زیندوکردنەوەی خەلافەتی عوسمانی بووە، بەڵام زۆرێك لە توێژەران و مێژونووسانی بێلایەن کاتێك سەیری هۆکار و پرۆسەی شۆڕش و هەنگاوەکانی دەوڵەتی تورکیای نوێ دەکەن، پێیان وایە ئەم شۆڕشە، شۆڕشێکی نەتەوایەتی کوردی یە و ئامانجی سەرەکی (کوردستانی سەربەخۆ) بووە.

گرنگی و ئامانجی بابەت:

هەڵبژاردنی بابەتێك بەناونیشانی(شۆڕشی شێخ سەعید پیران لەنێوان شوناسی ئاینی و نەتەوایەتی دا) وەك بابەتێکی مێژوویی سیاسی، گرنگ و پڕ بایەخە. چونکە ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ ئەوەی باس لە هۆکارەکانی شۆڕش و ڕۆژانی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونە جیاوازەکانی تایبەت بە شوناسی و ئامانجی شۆڕش خستووەتە بەردەست و دواتر بەپشت بەستن بە بەڵگەو سەرچاوەی جیاواز شیکارێکی وردی کردووە بۆ بۆچوونە جیاوازەکان. هەرچی سەبارەت بە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، ئەوا لێکدانەوەیەکی زانستیانە و ئەکادیمیانەیە بۆماوەیەکی دیاریکراو لە مێژووی هاوچەرخی کورد، کە دوای یەك سەدەش بابەتەکانی ئەو ماوە مێژوویە جێگەی بۆچوونی جیاوازەو کاریگەری لەئیستاشدا هەیە.

میتۆد و هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت:

سەبارەت بە میتۆدی بابەتەکە، لەو ڕوانگەیەوە، کە دەوترێت( میتۆدەکانی لێکۆڵینەوە لە نزیکەوە بەیەکدادەچن و پێوەندیان بەیەکەوە هەیە، مەرج نییە توێژینەوە زانستییەکان تەنیا بەیەك میتۆدی دیاریکراو وەك ڕێبازێکی زانستی لەشیکارکردنی بابەتەکانیدا بگرێتەبەر بەڵکو زۆرجار ئەو میتۆدانە بەپێی بارودۆخ و ئاستەنگی بابەتەکان لەپێناو تەواوکردنی لایەنە

جیاوازەکانی لێکۆڵینەوەکەدا بەنێویەکدا دەچن و بەشێوەی جیاجیا بەکاردەهێندرێت). بەپشت بەستن بەم ڕاستییە، ئێمەش لێرەدا لەگەڵ میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژووەدا چەند میتۆدێکی دیکەش بەکارهاتووە، وەك میتۆدی زانستی وەسفی و سیاسی و جوگرافی.. تاد. هەرچی سەبارەت بە هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتێکی وەهایە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تاوەکو ئێستا لەنێوان نووسەران و توێژەراندا بۆچوونی جیاواز هەیە سەبارەت بە شوناسی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران.

گرفت و سەرچاوە ونێوەرۆکی بابەت:

نووسینی هەموو توێژینەوەیەك لەسەرەتاوە بێ گرفت و ئاستەنگ دەست پێناکرێت،کە تەنها گرفتێك لای توێژەر هەبووبێت زۆر نوسراوە جیاوازەکانە کە بەئامانجی شێواندنی شواسی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران نوسراون بەهاندانی دەوڵەتی تورکیا، بەڵام توێژەر هەر زوو هەستی بەو گرفتەکردووە و توانیوێتی بەرسەریاندا زاڵ بێت ، دیارە ئەوەش بەپشتبەستن بە چەندین بەڵگەو سەرچاوەی جیاوازی زانستی بووە کە بەزمانەکانی(کوردی وعەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و تورکی) نووسراون، لە گرنگترینیان وەك (م.ئە.حسرەتیان: ڕاپەڕینی کوردان ساڵی 1925، م.ڕ.هاوار: کوردو باکوری کوردستان لەسەرەتای مێژووەوە هەتا دوای شۆڕشی شێخ سەعید پیران ، عەبدوڵلا ئۆجەلان: لەدەوڵەتی ڕاهیبی سۆمەر بەرەو شارستانی دیموکراسیانە، جەمال نەبەز(دکتۆر): کوردستان و شۆڕشەکەی، بیار مستەفا سیف الدین : تورکیا و کوردستان العراق،(الجارین والحائرین، حامد محمود عیسی: القضیة الکردیة في ترکیا، خلیل علی مراد(دکتۆر) وآخرون، القضیة الکردیة في ترکیا وتأثیرها علی الدول الجوار ، علاء الدین سجادی، تأریخ جنبش های آزادی بخش مردم کرد"

Armstrong:Grey wolf Mustafa Kamal……).

بەشێوەیەکی گشتی ئەو توێژینەوەیەی، کە لەبەردەستدایە پێکهاتووە لە( پێشەکی و سێ باس و ئەنجامێك)،کەبەم شێوەیە دارێژراوە:

**باسی یەکەم:** هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆرش لەباکوری کوردستان 1925:

**باسی دووەم :** شۆڕشی باکوری کوردستان 1925

**باسی سێیەم :** شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لەنێوان شوناسی ئاینی و نەتەوەییدا

## باسی یەکەم: هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆرش لەباکوری کوردستان 1925

وەك ئاشکرایە هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینێك کۆمەڵێك هۆکار ڕێگەخۆشکەرن بۆ دەستپێك و سەرهەڵدانی ، بێگومان شۆرشی باکوری کوردستان (شێخ سەعیدی پیران)یش کۆمەڵە هۆکارێك وایان کردووە بێنە کایەوە، کە گرنگترینیان بریتییە لەمانە:

یەکەم:پەشیمان بوونەوە (مستەفا کەمال ئەتاتورك) لەو بەڵینانەی دابووی بەکوردی باکوری کوردستان:

دامەزراندن و دەستپێکردنی بزوتنەوەی کەمالی ڕۆڵێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی بۆ گەڕانەوەی نەخشەی سیاسی نێوچەکە، کوردیش بەشێك بووە لەو نێوەندەدا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە دامەزراندنی ئەو بزوتنەوەیەدا(سیف الدین،2008، 21). دیارە (مستەفا کەمال) بۆ ڕاکێشانی کوردەکان بەلای بزوتنەوەکەیدا لەچەند ڕیگەیەکەوە هەنگاوی ناوە، سەرەتا دەستیکردووە بە زیندووکردنەوەی هەستی ئاینی و جەختکردنەوە لەسەر برایەتی کوردو تورك. کەمالییەکان بەناوی ئیسلام و ئاینەوە هاوکاری و کۆمەکی زۆرێك لە کوردیان بۆخۆیان مسۆگەر کرد، (مستەفا کەمال)

لە ئایاری 1919دا کەگەیشتە ئەنادۆڵ و خۆی لەوێنەی ڕزگارکەری کوردستانی خاکی موسڵمانان نیشاندا و بانگەوازی ئاراستەی موسڵمانانی (کوردو تورك) کرد، بەئامانجی یەکخستنی ڕیزەکانیان و دەرکردنی داگیرکەران(نەبەز، 1985، 9). لەلایەکی دیکەوە (مستەفا کەمال) لە خاڵێکی زۆر هەستیارەوە کاری کردووەو دەستی کردووە بە بانگەشەی (برایەتی کوردو تورك و موسڵمان)، بێگومان ئەو بەها برایەتی موسڵمانانی دەزانی بەتایبەت لەلای کوردەکان(مراد وآخرون، 1994، 15-19). بەوەش کاری خۆی لەسەر زۆرێك لەهاوڵاتیانی کورد کردووە، تەنانەت بەشێك لەسەرۆك هۆز و دەرەبەگەکانی ڕاکێشا بەلا خۆیدا و هێزێکی گەورەی سەربازی لێ دروستکردن(قەزاز، 1971، 24). بۆ زیاتر سەرکەوتنی لەم کارەشیدا بانگهێشتی پیاوماقوڵانی کوردی دەکردو دەیوت:" بائێمەی کورد و تورك پێکەوە دژی دوژمنی هاوبەش بکەوینە خۆ". لەلایەکی دیکەوە پەیمانی دابوو بە کوردەکان، دوای سەرکەوتنی مافی ئۆتۆنۆمییان پێبدات.( أمین، 2000، 37).

(مستەفا کەمال) جگەلە گرنگی کورد، بایەخ و جیۆپۆلەتیکی کوردستانی باش نرخاندبوو، چونکە دەیزانی تۆبۆگرافیای کوردستان بەربەستێکی گرنگ دەبێت لەبەردەم داگیرکەراندا. جگەلەوەی کوردستان بنکەیەکی سەربازی گرنگ بوو بۆی، سەرچاوەیەکی ئابووری و سامانی دەوڵەمەند وتوانایەکی بەهێزی بۆ دابیندنکرد.(سیف الدين، 2008، 20-22). بەم شێوەیە مستەفا کەمال لە ڕووی ئابوورییەوە پشتی بە کوردستان بەستبوو، توانی لەرێگەی ئەو پیاوماقوڵانەی کە پلەو پایەی کۆمەڵایەتیان هەبوو سامانێکی ئابووری باش کۆبکاتەوە بۆ بزوتنەوەکەی(جلیل، 2006، 105).

(مستەفا کەمال) و سەرانی بزوتنەوەی کەمال هەرچەندە لەسەرەتا بزوتنەوەکەیاندا، نیازپاکی بەرامبەر کوردەکان نیشان داوە و چەند هەڵوێستێکی ئەرێنیان بەرامبەریان هەبووە، ئەوەش لەبەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان بووە و لەکاتی شەڕدا بەرامبەر بە چەند دەوڵەتێکی تر دەهاتن بەڵێنی درۆینەیان دەدا بە کوردەکان تاوەکو بیان کات بە لایەنگری خۆی، کوردەکان ئامادەبوون لەگەڵیشیاندا ڕیك بکەون. کەچی (مستەفا کەمال) دوای سەرکەوتین بزوتنەوەکەی، لەو بەڵێنانەی کە دابوو بە کوردەکان پاشگەزبوویەوە. حەسەرەتیان لەوبارەیەوە دەڵێت:"تورك دژی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لەنێوان ساڵانی(1919-1920) کەهێشتا لاوازبوو پێویستی بەهاوکاری کوردەکان هەبووە، بە کوردەکانی دەووت ئێوە برای دینیمانن و ئەم وڵاتانە وڵاتی تورك کوردەو مافی کورد دەبێت ڕێزی لێبگیرێت، بەڵام لە کۆتاییدا وەها دەرنەچوو".(وەرگیراوە لە// هاوار، 2006، 18). باشترین نموونەش بۆ پەشیمانبوونەوەی (مستەفا کەمال)لەو وتارەیدا دەردەکەوێت، کە لەبەردەم ئەنجوومەنی گەورەی تورکیادا دای، دوای گەیشتن بە لوتکەی دەسەڵات کە دەڵێت:"ئەو دەوڵەتەی کە دروستمان کردووە، دەوڵەتێکی تەواو تورکییەو بەس".( ئاغجەلەری، 2025، 125 ؛ بۆتانی، 2001، 288).

**دووەم: پاکتاوی ڕەگەزی کورد:**

بزوتنەوەی کەمالی و (مستەفا کەمال) هەرلەسەرەتای سەرهەڵدانی بزوتنەوەکەیاندا پرۆژەی دەوڵەتێکیان دارشتبوو، کە جگەلە تورك و زمانی تورکی هیچ ڕەگەز و زمانێکی دیکە لە تورکیادا مافی ژیان و بوونی نەبێت، تورکبوونیان کردبووە بناغەی ئایدۆلۆژیەکەیان بۆ دەوڵەتی تورکیا نوێ.(حەسرەتیان، 2007، 21). واتە جەختیان لەوە ئەرکردەوە پێویستە فۆرمی بەرێوەبردنی ئوممەی تورکی لەسەر بنەمای یەکێتیەکی بەهێز وەستا بێت و یەك دەسەڵاتی فەرمانڕەوا هەبێت، ئەوەش تەنیا بۆ بەرژەوەندی ئوممەی تورکی بێت و پەروەردەکردنی نەوەیەکی تورك، نەتەوەیەکی کۆماریخوازی میللی لەسەر بنەمای تایبەتمەندی ئوممەی تورکی و قەدەغەکردنی هەربیروباوەڕێکی سیاسی جیاواز

لەبیری تۆرانی، لەناو هەموو چین و توێژەکانی گەل و خوێندکاراندا راگیرکردنی ئاسایشی نیشتمانی وڵات(ئەحمەد، 2011 ،170). بەمەش کورد وەك نەتەوەیەکی نێوتورکیا لەسەرەتایترین مافەکانی هاوڵاتیبوون بێبەشکردووەو هەنگاو بەهەنگاو هەوڵیان داوە کورد لە بۆتەی تورکدا بتوێتەوە.

وەك دەردەکەوێت شێواز و میکانیزمی پاکتاوی ڕەگەزیی وسەرکوتکردنی کورد لە باکوری کوردستان لەسەر چەند ئاست و بنەمایەك دارێژرابوو، یەکێك لەوانەی ئاستی فیکری بوو، کاتێك (مستەفا کەمال) هەستی بەشکستی دەوڵەتی عوسمانی کرد لە جەنگدا کەوتە خۆی بۆئەوەی بتوانێت هیچ نەبێت قەوارەیەکی سیاسی بۆ تورکەکان بهێڵێتەوە، هەرچەندە لە ڕووکەشدا وەك پاریزەری ئاینی ئیسلام خۆی نیشاندەدا، بەڵام لەبنەڕەتدا فیکرەی تورکە لاوەکانی جێبەجێدەکرد.( عبدالکریم. 2008، 263 ؛ کۆچێرا، 2007 ،103). بۆسەرکەوتن لەولایەنەدا، (د.رەفیق سابیر) باس لە تیۆری باخچە دەکات کە هەرلەسەرەتاوە تورکەکان کاریيان لەسەر کردووە، تێۆری باخچە بریتی بووە لەوەی کە تورك پێی وابوو نەتەوەی خۆیان وەك باخێکی گەورەو فراوانە، پێویستە بۆ هێشتنەوەی ئەوە باخچەیە گژوگیای بێ کەڵك و بێ فەڕەکان لەناوببرێت و هەڵکەندرێت تاوەکو نەبنە هۆی راوەستانی گەشەکردنی باخچەکە. دیارە لێرەدا مەبەستی گژو گیای بێ کەڵك و بێ فەرەکان، هەموو ئەو نەتەوەو گەل و زمان و کلتورانەیە، کە لەدەرەوەی نەتەوەی تورکن، بەتایبەت کورد.(وەرگیراوە// عبدالکریم،2008، 259). بەوجۆرە بەماوەیەکی کەم دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا (مستەفا کەمال) کەوتە سیاسیەتی بەتورکردنی نێوچە کوردییەکان و چەوساندنەوەی کورد تێیدا، یەکەم هەنگاویشی وشەی کورد لە دێکیۆمێنتەکانی وڵاتدا لابرد و کوردەکانی وەك ( تورکی شاخاوی) ناساند و زمانی کوردی قەدەغەکرد و بەشێکی زۆر لە کوردەکانی راگوێزا(لیەری، 2019، 168) بۆ ئەو نێوچانەی تورکیا کە ڕێژەی زۆری دانیشتوانەکەی تورکن، بۆ وێنە(ئەستەنبول). لەگەڵ ئەوەشدا دەستی کرد بە داخستن و قەلاچۆکردنی دام و دەزگا فەرهەنگی وکولتوری و سیاسییەکانی کورد، (محەمەدئەمین زەکی بەگ) لەوبارەیەوە دەڵێت:" هەموو ئەو جەمعیەت و ئەو حیزبە کوردیانەی کورد دروستی کردبوون، هەمووی داخستن و ئەندامانی ڕووبەڕووی گرتن و ڕاوەدوونان و کوشتن بوونەوە"(وەرگیراوە لە// عبدالخالق، 2012، 100). لەگەڵ ئەوەشدا بەرنامەیەکی ترسناکی دارشت تورکیا، بۆ قەدەغەکردنی زمان و جلو بەرگی کوردی، دادگایەکی دروستکرد بەسەرۆکایەتی ( صائب پاشا) بۆ دادگایکردنی ئەو کەسانەی جلی کوردی دەپۆشن، تەنانەت ئەم دادگایە کەسانی کوردی نێو ئەنجوومەنی نیشتمانی گەورەی تورکیا بەتۆمەتی لەبەرکردنی جلو بەرگی کوردی فەرمانی لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوو، هەرچەندە ئەو ئەندامانە لەکاتی دادگاییەکەدا هاواریان دەکرد ئەوان بە فەرمانی ئەتاتورك ئەو پۆشاکەیان پۆشیووە، بەڵام(صائب پاشا) پێی وتن :"ئەو جۆرە پۆشاکانە چ کوردی بێت چ هەرکەسێ بێت هەمووی قەدەغەیە و سزاکەی مەرگە"( عبدالخالق، 2012، 101). جگەلەوەش کەسانی تورك لەدادگاکان دادەنرا و زیندان یاخود ئازادکردنی گومان لێکراوێکی کورد دەکەوتە سەر ئەو کەسەی کە کاتی دادگاییکردن قسەکانی دەکردە تورکی(یاموڵکی، 1999، 74).(ئیحسان نوری بێتلسی) لەوبارەیەوە وتویەتی:" کەسە گومان لێکراوەکە پێویستە سەرەوەت و سامانێکی باش بدات بەکەسە وەرگیرەکە، بۆ ئەوەی خۆی ڕزگار بکات، ئەگەرنا تاماوەیەکی زۆر لەزینداندا مایەوە"(1993، 12-13).

بەدیاریکراوی لەدوای ساڵی 1923وە، تورك دانی بەمافی کورد وەك نەتەوە نەدەناو سیاسەتی پاکتاوکردن و سڕینەوەی کورد بە گشتگیری دەستپێکرد، تەنانەت ناسیۆنالیستەکانی تورك باوەڕیان بەوە نەبوو کە نەتەوەی جیاواز هەبێت لە تورکیا تاوەکو داوایان لێکرێت ببن بە تورك، بۆ تورکەکان لێدان لە کوردەکان گرنگە تاوەکو ئیمپراتۆرێکی فرەڕەگەز لەناو تورکیادا بکات بەدەوڵەتێکی یەك ڕەنگ و یەك نەتەوە بەبیری نوێی کەمالیزم.(لیەری، 2019، 101). بەم بەشێوەیە

بەگشتی ڕاستییەك بەرجەستە دەبێت، کە (مستەفا کەمال) و سەرانی کەمالی پاش گەیشتنیان بە لوتکەی دەسەڵات، دەستیان کردووە بە پەکتاوی ڕەگەزی کورد بە هەموو جۆرەکانیەوە.

**سێیەم : دەستوری نوێی تورکیا:**

لە(20ی نیسانی 1924)دا دەستوری نوێی تورکیا دەرچوو، کەلە(105) مادده پێکهاتبوو. تاڕادەیەکی زۆر لە شێوەی دەستورەکانی لیبرالی سەدەی نۆزدەهەمدا بوو، ئەم دەستورە دووپاتی کردەوە کە دەسەڵاتی باڵا گەل کە لەئەنجوومەنی نیشتمانی دایە و هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێبەکردنی ماددەکانی(3 و4) کۆدەکاتەوە و دەسەلاتی فراوان بەسەرۆك کۆمار دەبەخشێت، وەك سەرۆکی دەوڵەت و فەرماندەی گشتی هێزی چەکدار(ئەحمەد و موراد، 2011، 287). کاتێك سەیری دەستوری تورکیا دەکرێت، دەردەکەوێت هیچ بڕگەیەکی بۆکەمە نەتەوەییەکانی ناو تورکیا تەرخان نەکردووە، ئەوەش واتای نایەکسانی دەگەیاند لە مافی ئەوان بەگشتی و کوردەکان بەتایبەتی، بەپێچەوانەوە بۆ تورکەکان. بۆنموونە لە ماددەی(88)ی دەستوردا هاتووە: هەموو دانیشتوانی تورکیا بەبێ جیاوازی ئاین و نەژاد تورکن، هەروەها لەماددەی(22)یدا نووسراوە: زمانی تورکی زمانی فەرمی وڵاتە.( وەرگیراوەلە// حەسرەتیان، 2007، 23). لەماددەی(68) دا دەستەواژەی (هەرتوکێك بەئازادی لەدایك دەبێت، بەئازادی دەژی، بەجۆرێك زیان بەکەسی دیکە نەگەیەنێت، دەتوانێت بەئازادی مامەڵەی ڕەفتارەکانی خۆی بکات) هاتووە (2005,2,Hamit Bozarslan)، ئەمەش بەواتای ئازادی لە تورکیادا تەنیا بۆ تورکە، ماددەی(69)ش نووسراوە:" تورکەکان لەبەرامبەر یاسادا یەکسانن".(1990,66,Hasan Yildiz) بەگشتی لێرەدا دەردەکەوێت، کە دەستوری نوێی تورکیا نەیتوانیووە مافی کەمەنەتەوەکانی ناو تورکیا بپارێزێت بە کوردیشەوە بە کورتی واتای ڕەتکردنەوەی هەموو نەتەوەکانە جگەلە تورك.

**چوارەم : هۆکاری ئابووری :**

شێواندن و بردنی ئابوری نێوچە کوردییەکان بەیەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی 1925 دادەنرێت، چونکە کۆڕپەلەی بۆرژوای کورد لە گەشەکردندا بوون و بەهۆی گەشەکردنی پرۆسەی بازرگانیەوە کە لەنێوچەکەدا بەرێوەدەچوو، کە زۆربەی ئاغا و منداڵانی بەگەکان پێی هەڵدەستان. ئەم چینە تازەگەشەکردووە هەر لەسەرەتاوە کەوتنە ململانێ لەگەڵ بۆرژوای تورکی پێشکەوتوتردا،بەتایبەت دوای سەرکەوتنی کەمالییەکان و واڵاکردنی بازار لەبەردەم بازرگانە تورکەکانیشدا(ئەمین،2000، 93)، بەوەش زیانێکی زۆر بە بازرگانە کوردەکان کەوت. لەلایەکی دیکەشەوە زەوتکردنی زەوی لەسەرۆك هۆزو ودەرەبەگە کوردەکان و دابەشکردنی بەسەر تورکەکاندا، هەنگاوێکی دیکە بوو بۆ لێدانی دەسەڵاتی ئابووری وسیاسی کەسانی کورد(برونەسن، 2003، 283-284). جگەلەوەش تورکیای نوێ باج و سەرانەیەکی زۆریان سەپاندبوو بەسەر نێوچە کوردنشینەکاندا(حسین،2010، 59).

هاوکات لەگەڵ ئەوانەشدا نەبوونی خزمەتگوزاری و تاڵانکردن و دۆشینی سامانی ئابووری کوردستان لەلایەن کاربەدەستانی تورکەوە ڕەوشەکەی ئاڵۆزترکرد، پرۆسەی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی شێواندبوو و ببووە هۆی خراپبوونی باری جوتیاران کە زۆرینەی دانیشتوانیان پێکدەهێنا و زەمینەی شۆڕشی لەبارترکردو و کاری کردبووە سەر هۆکارەکانی دیکەش(تەلار عەلی ئەمین،93،2000- 94).

**پێنجەم: شوێنی کورد و کوردستان لەپەیماننامەی لۆزاندا:**

لە(24ی تەمموزی 1923)دا کۆنگرەی لۆزان واژۆکرا و وڵاتانی هاوپەیمان بەتەواوی بابەتی پەیمانی(سیڤەر 1920) یان پشتگوێخست ، هەرچی گفتوگۆشکرابوو تەنیا لە بارەی کێشەکانی نێوان تورکیا و بەریتانیا بوو،واتە لەپەیماننامەی لۆزاندا هیچ ئاماژەیەك بۆ گەلی کورد و نیشتمانەکەی و داواکارییەکانی نەکرابوو. بەم جۆرە هاوپەیمانەکان بەتایبەتی بەریتانیا و فەرەنساو ئیتالیا و ئەمریکا سەلماندیان کە پشتیان لەسەرجەم مافەکانی گەلی کورد کردووەو بەو ڕێکەوتنە کوردستانیان کردووە بەبەشێك لە دەستکەوتەکانی شەڕ، هەربۆیە نەخشەیەکیان دابەشکردوو هەربەشێکی کوردستانیان بەستەوە بە کیانێکی سیاسییەوە.( خورشید، 2000، 78). ئەمەش ئاشکرایە نێوچەکانی کوردستان دابەشکرا بەسەر چوار دەوڵەتدا، کە بریتین لە(تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا) کە تاوەکو ئێستاش کوردستان بەوحاڵەوە دەژی (بلۆ، 2004،54).

مارتن ڤان برۆسن لەوبارەیەوە دەڵێت:" لە پەیمانی لۆزان باسی ئەرمەن و کورد نەکرابوو، بەڵکو ددان بە مافی حکومڕانیەتی تورکدا نرابوو لەویلایەتە خۆر هەڵاتییەکاندا، مەبەست کوردستان "(2003، 269- 270).

کەواتە ڕێککەوتننامەی لۆزان، واتا دابەشکردنی نەتەوەی کوردو خاکی کوردستان، بۆیە دوو مەبەستی لێکجیایی هەیە بۆ کوردو تورکەکان، بۆ تورك دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بوو، بۆ کوردیش دابەشکردن و بەیەکەوە لکاندنی بوو بەچەند وڵاتێکەوە و پشتگوێخستنی بەندەکانی سێڤر بوو بۆ کورد بەگشتی.

**شەشەم: سەرکوتکردنی ڕاپەرینی قوچگیری:**

لەسەروبەندی بزوتنەوەی کەمالیدا کورد هاوپەیمانێکی سەرەکی تورك بوو، لەسەرکەوتنە سیاسی و و سەربازییەکانی ئەو بزوتنەوەیەدا. بەڵام بەهۆی نەتەوە پەرستی توێژی کەمالییەکان و پەشیمانبوونەوەیان لەو بەڵێنانەیان کە بەکوردیان دابوو، سەرەنجام جوڵانەوەو بەرخۆدان سەرییان هەڵدا لای کورد( ئۆجەلان، 2004، 176). بۆنموونە لەساڵی 1921 دا کوردانی دەرسیم ڕاپەرینی(قوچگیری)یان ئەنجامدا و سیاسەتی نەژاپەرستی تورکییان ڕەتکردەوە، بەڵام حکومەتی تورکیا بەتوندی ئەو ڕاپەرینە و شۆڕشگێرانی سەرکوتکرد و نزیکەی(400)کوردی لەدادگای سەربازی سێواس و بەدادگایکردنێکی سەرپێی حوکمی مەرگیان بەسەردا درا، ژمارەیەکی زۆریشیان بەزیندانیکردن حوکمدرا(هاوار، 2002،277). سەرکوتکردن و کوشتنی ئەو ڕاپەرینە، فاکتەرێکی سەرەکی بوو بۆ سەرهەڵدانی ڕاپەرینەکانی دوای خۆی.

**حەوتەم : هۆکاری ئاینی :**

یەکێك لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی 1925ی باکوری کوردستان (هۆکاری ئاینی) دانراوە، وەك دەزانرێت دەسەڵاتی خەلیفەی کۆتایی پێهێنا و بنەماڵەی(ئال عوسمانی)ئاوارەی دەرەوەی تورکیاکرد، دەستیگرت بەسەر سەرجەم موڵکو سامانەکانیاندا(عیسی، 2002، 194). لەگەڵ بریاری هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت، ڕایەڵی پەیوەندی چەندین سەدەی نێوان کوردو تورکی پچڕان( ئیریك جەی، 2009، 278)، کە پەیوەندیەکە زیاتر ئاینی بوو.

دەوڵەتی نوێی تورکیا کە دامەزرا چوار بنەمای ئایدەلۆژی هەبوو، کە بریتی بوو لە(کۆماری، نەتەوەیی، گەلی ، عیلمانی)و دواتر دووبنەمای تریان بۆزیادکرد کە( دەوڵەتایەتی و شۆڕشگێری)بوون، ئەم پرەنسیپانە لەدەستوری

تورکیادا جێگرکران و بوون بە بناغەی سیاسی کۆماری تورکیا(بێشکچی، 1999، 363). وەك دەبینرێت یەکێك لە پرنسیپەکانی بریتی یە لە( عیمانیەت)، بۆیە هەرکە (مستەفا کەمال) کەوتە دانانی میکانیزم بۆمۆدیرنیزەکردنی تورکیا بەپێی مۆدێلی ئەوروپایی وردە وردە لە ناسنامەی ئیسلامیانانەی خۆی دوورکەوتەوە، چونکە ئەتاتورك وا لە عیلمانیەت تێگەیشتبوو کەبرتییە لە ڕیشەکێشکردنی کاریگەری ئاین لەسەر کۆمەڵ( سوڵتان، 84،2007-85). ئەم هەنگاوەش بووە هۆی لێدان لە دەسەڵاتی دینی شێخەکان لەنێوچە کوردیەکان،چونکە بەهۆی ئەو لایەنی ئاینیەوە ببوونە خاوەندی پێگەیەکی ئابوری و کۆمەڵایەتی بەهێز(ئەمین، 2000، 96)، ئەو لێدانە لە پێگەی ئاینی و دونیایی شێخەکان لەباکوری کوردستان، بەجۆرێك لە جۆرەکان بەهۆکارێك دادەنرێت لەسەر هەڵدانی شۆڕش لە ساڵی 1925دا.

هەموو ئەو هۆکارە نەتەوەییانە لەلایەك و دامەزراندنی (کۆمەڵەی ئیستقلال کورد) لەلایەکی دیکەوە، ڕێگەیان خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی سۆرشی 1925 لە باکوری کوردستان .

### باسی دووەم : شۆڕشی باکوری کوردستان 1925

یەکێك لە گەورەترین و بەنێوبانگترین بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی لەسەدەی بیستەمدا دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنالیستی تورك، برتییە لە شۆرشی چەکدارانەی(1925) کە بە شۆڕشی(شێخ سەعیدی پیران) نێوبانگی ڕۆیشتووە. بزوێنەری ڕێکخەری ئەو شۆڕشە، ڕێکخستنێکی سیاسی کوردی بوو بەنێوی کۆمەڵەی ئیستقلال کورد(کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان) کە لە مانگی گوڵانی 1923 دا دامەزرابوو(ئاغجەلەری،2024، 130)، ئەم کۆمەڵەیە درێژە پێدەری کۆمەڵەی تەعالی کورد بوو،کەلەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا دامەزرابوو لەسەردەستی(یوسف زیا و خالید جەبری بەگ و شێخ عبدالقادری نەهری و دکتور فؤاد و دکتۆر کەمال) بەتێکەڵاوبوونی کوردەکان لەگەڵ بزوتنەوەی کەمالیزم وازیان هێنا و تێکەڵ بە بزوتنەوەی کەمالی بوون، بەڵام کاتێك زانیان کە کەمالییەکان پەشیمان بوونەتەوە لەداخوازییەکانی کورد، ئەو کۆمەڵەیە پێکهاتەوە لەژێر ناوی کۆمەڵەی ئیستقلال کورد(عوزیری، بێ ساڵی چاپ،7). ئەم کۆمەڵەیە نهێنی بوو کە هەر پێنج کەس لە شانەیەکدا کۆدەبوونەوە و هەرکەسەش نێوێکی نهێنی خۆی هەبوو، کە لەلایەن یەکێك ڕێکدەخران و هیچ ئەندامێکی ئەم شانەیە کەسێکی دیکەی لەدەرەوەی شانەکەی خۆی نەدەناسی، گەر هەرکەسێکیش نهێنییەکانی ئەم ڕێکخستنەی ئاشکرا بکردبایە ئەوا گەورترین سزا دەرا.(حەسرەتیان،14،2008). ئامانج لە دروستکردنی ئەم کۆمەڵەیە، ڕزگارکردنی کوردبوو لەژێر چنگی تورکیا و زۆردارەکانی کەمالی( عوزیری، بێ ساڵی چاپ،63).

بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵەکە و دانانی نەخشەیەکی ورد بۆ شۆڕش، سەرکردەکانی کۆمەڵە(خالید جەبری بەگ و یوسف زیا) هەوڵیاندا لەسەر چەند ئاستێك کاربکەن لەوانە:

یەکەم: پێوەندیکردن بەژمارەیەك لەسەرۆك هۆزو عەشیرەت و خێڵ و شێخەکانی کورد، لەو هەنگاوەیاندا توانیان(حاجی موسای سەرکردەی عەشیرەتی موتکا و خالید حوسنی بەگی عەشیرەتی حوسنا و شێخ سەعیدی پیران و ....تاد) لەسەرکردایەتی کۆمەڵەدا ڕێکبخەن. هاتنی ئەمانە بۆناو کۆمەڵەکە گرنگ بوو بۆ شۆڕش، بەتایبەتی شێخ سەعیدی پیران وەك کەسایەتیەکی بەنێوبانگی و لەهەمانکاتدا خاوەند موردێکی زۆر و ئابورییەکی باش و دەوڵەمەند، بۆکۆمەڵەکە گرنگترین بوو.

دووەم: لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵە مەبەستی بوو لەنێو سوپای ئەوکاتی تورکیادا کەکوردێکی زۆری تێدابوو، ڕێکخستنەکانی بڵاوبکاتەوە، لەئەنجامدا کۆمەڵە توانیان ئەو کارە بکەن و ژمارەیەك لە ئەفسەرانی کورد بەرەو کۆمەڵە

رابکێشن، کە جگەلە ئەفسەرە کوردەکانی باکوری کوردستان هەندێك لەئەفسەرە کوردەکانی باشوری کوردستانیش پێوەندیان کردو لە رێگەی ئەوانەوە پێوەندییەکانی کۆمەڵەکە بەبەغدا و حەلەب ئاسانترکرا.

سێیەم : کۆمەڵەکە هەوڵیدا رێکخستنی خۆی لە دام و دەزگا و بەرێوەبەرایەتییەکاندا بڵاوبکاتەوە، بەتایبەت لە رێگەی ئەو کوردانەی کە لەبەرێوەبەرایەتی پۆستەو تەلەگراف کاریان دەکرد، کۆمەڵە لەم هەنگاوەیدا سەرکەوتوو بوو و توانی چاودێری ئەو نامە و تەلگرافانە بکات کەلەنێوان بەرپرسەکانی ناوەندی تورکیا و نێوچەکوردییەکاندا ئاڵوگۆڕ دەکرا.

چوارەم: کۆمەڵە وڵاتانی دونیای بەگرنگ دەزانی بۆ پشتیوانی شۆڕشەکەی، بۆیە لەسەر ئەوە سوربوو کە بەردەوام بیرخەرەوە بداتە(کۆمەڵەی گەلان)، لەرێگەی سوریاوە داوای هاوکارییان لێ بکەن بۆ پرسی کورد.

پێنجەم: کۆمەڵەکە لەڕێی( عەلی رەزایی کوڕی شێخ سەعیدی پیران)ەوە توانی پێوەندی لەگەڵ( سەید عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبدوڵڵای نەهری) ببەستێت، کە پێوەندی پێوەکرد سەید عەبدولقادر بیروڕای بەم جۆرە بووە بۆ شۆڕش:" ئامادەم بەهەموو هێزێکمەوە خۆم بدەمە پاڵ شۆڕش، ئەگەر لەچوارچێوەی ئاینی دا بێت".

شەشەم: کۆمەڵەکە دوای کۆبوونەوەی(خالید جەبری بەگ و یوسف زیا)، لەسەر ئەو رێکەوتن کە هەوڵی پڕچەکردنی عەشیرەتەکان بدەن، لەمەشدا پشتیان بە(شێخ مەحمودی نەمر) لەباشووری کوردستان و(سمکۆی شکاك) لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەست بوو، بەڵام پێناچێت لەوەدا سەرکەوتوو بووبن.

حەوتەم: کۆمەڵەکە لەپایزی 1924 دا لە رێی یوسف زیاوە لە ئەستەنبوڵ پێوەندیان لەگەڵ (پارتی پێشکەوتخواز) و ژمارەیەك خەڵکانی دیکەش دەبەستێ کە دژ بە ئەتاتورك بوون(حەسرەتیان،25،2008-26) ؛ ئاغجەلەری،2024، 131 )بەم جۆرە کۆمەڵەی ئیستقلال کورد لەگەڵ ئەوەی لە هەوڵی دروستکردنی زەمینەیەکی لەبارو بەرنامەیەکی وردبوو بۆ شۆڕش ڕیکەوتی (21/ئازار 1925)یشیان دیاریکردبوو بۆ سەرەتای شۆڕش، چونکە دەیانزانی ئەو رۆژە لەلای کورد زۆر پیرۆزە.( حەسرەتیان،2008، 15). بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە شۆڕش لەڕێی بەرنامەیەکەوە بووە و بەرلەوەی دەست پێ بکات بەدوو ساڵێك پێشتر، ئامادەکاری و زەمینەی بۆ خۆشکراوە بەپلانێکی دارێژراوی ورد. سەرچاوەکان دەریدەخەن کە بەرنامەی خۆئامادەکردن بۆ شۆڕش و کاروباری کۆمەڵەکە زۆر نهێنی بووە، وەك حەسرەتیان دەیبێژێت:" دەسەڵاتی تورك چ ئاگایەکیان لە جموجۆڵی کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان نەبووە تاوەکو پێش گرتنی خالید جەبری بە(15،2008).گرتنی ئەو کەسەش وەنەبێت ئەنجامی خۆبەدەستەوەدانی کەسایەتییەکی کوردی و ئاشکراکردنی نهێنیەکانی کۆمەڵەکە بووبێت، دیارە ئاشکرابوونی ئەنجامی چەند سەرەك هۆزێك بوو لە عەشیرەتی"خورمیك"ی کوردی، کەدوای پەیوەندی پێوەکردنی کۆمەڵەکە نەك هەرئامادەنەبوو پشتوانی خۆیان بۆ شۆڕشی کوردی دژی کەمالیستەکان دەرببڕن، بەڵکو دەسەڵاتدارانی تورکەکانیان لەو خۆئامادەکردنەی کورد ئاگادارکرد کە بەنیازی شۆڕشێکن لەپێناو سەربەخۆیی کوردستاندا(حەسرەتیان،15،2008).

دوای دەستگیرکردنی (خالید جەبری بەك و یوسف زیا) و لە سێدارەدانیان، شێخ سەعیدی پیران بەرپرسیارێتی یەکەم لە ئەستۆدەنێ و لەهەمانکاتدا بڕیاری شۆڕشێکی جەماوەرییانەیە دەدات و دەستیکرد بە چەندی گەشتێك بۆ نێوچە جیا جیاکانی باکووری کوردستان ، بەمەبەستی یەکخستنی هۆزەکان لەسەرجەم نێوچەکاندا و خۆئامادەکردن بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشێکی گەورە، کە زۆرترین ژمارەی خەڵك لە شۆڕشەکەدا بەشداری بکەن(پیران، 2010، 75-76). لەئەنجامی ئەو گەشتانەدا توانی متمانەی ژمارەیەکی زۆر لە هۆزی نێوەچەکان بەدەست بهێنێ، بەتایبەت کوردە زازا زمانەکانی نێوچە شاخاوییەکانی(لیج – خانێ- چەصمەقچۆر) لەگەڵ ژمارەیەك هۆزی کرمانج زمانی وەك هۆزی(جبران- حەسەنان)، بەڵام لەبەدەستهێنانی پاڵپشتی لە هۆزەکانی نێوچەی(سەرنج،جەزیرە، میدیات)سەرکەوتوو نەبوو(ئۆڵسن،

2009، 156- 157). لەهەمانکاتدا (عەلی رەزای شێخ سەعیدی پیران) کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ نوێنەرانی هەرسێ پارچەی کوردستان (عێراق، سوریا، تورکیا) سازدەدات، کە لەوێدا دەگەنە ئەم دەرئەنجامە:" دەستە بەرکردنی مافی نەتەوایەتی کورد تەنها لەیەك ڕیگەوە دەکرێت، ئەویش لە ڕێی شۆڕشێکی چەکدارانەوە"( حەسرەتیان،2008، 15). شایەنی باسە سەرکردایەتی کۆمەڵەکە بەردەوام بوون لە پێوەندی کردن بە سەرجەمی عەشیرەتە کوردییەکانەوە، بەڵام تەقەلاکانی سەرکردەکانی کورد بەتایبەتی(شێخ سەعیدی پیران) لە قەناعەپێکردنی کوردەکانی(موش و دەرسیم) دابێ ئەنجام بوو، تەنها چەند کەسێکی کەمیان نەبێت شۆڕشی چەکدارانەیان دژ بە تورك بەڕاست و ڕەوا دەزانی(1939,204,H.C.Armstrong).

لەڕۆژی 5ی شوباتی 1925 دا شێخ سەعیدی پیران لەگەڵ ژمارەیەك چەکدار ڕوودەکەنە گوندی پیران، بەمەبەستی سەردانیکردنی (شێخ عەبدولرەحیمی) برای(سجادی، 1380، 65). بەڵام لە(8 ی شوبات)دا ڕووداوێکی بچوك لە گوندی پیران ڕوودەدات بەهۆی ئەوەی هێزێکی سەربازی تورك دەگاتە نێوچەکە(برونەسن،2003، 294). بەمەبەستی گرتنی چەند کەسانێك بەتۆمەتی پیاوکوژی، لەوکاتەدا هەرچەندە شێخ سەعیدی پیران داوای لێکردن وازیان لێ بهێنن تاوەکو ئەو نێوچەیە بەجێ دەهێڵن، بەڵام بەهۆی دەمەقاڵێوە پێکدادانی چەکداری ڕوویدا لەنێوان هێزەکانی تورك و کوردەکاندا، بووە مایەی کوشتنی ژمارەیەك لەسەربازە تورکەکان(مەنگوڕی، 2008، 107). بەم جۆرە ئەو بەرنامەیەی کە کێشرابوو کە شۆڕش لەنەورۆزی 1925 دەستپێبکات، ڕۆژی سەرهەڵدانی پێشکەوت لەبەر دوو هۆکار:

یەکەم: پێکدادانی چەکداری لەنێوان ژمارەیەك لەئەفسەری تورك لەگەڵ بەشێك بە چەکدارانی کورد، لەگوندی پیران.

دووەم: گرتنی ناحیەی(لجی) لەلایەن (شێخ تاهیری) برای شێخ سەعید، بردنی تەواوی ئەو دێکۆمێت و پێداویستیانەی کە گیرابوون بۆلای (شێخ سەعیدی پیران) (1939,264,H.C.Armstrong).

لێرەوە شۆڕش دەستپێکرد، هەرچەندە(شێخ سەعیدی پیران) نەیدەویست کارەکە وا بڕوات و بەردەوام دەیووت:" وەك دەردەکەوێت قەدەرمان وایە" واتە هەڵگیرسانی شۆڕش لە خواستی ئەواندا نەبووە. (1939,265,H.C.Armstrong). سەرنجام لە لەڕۆژی(14ی شوباتی 1925) دا (شێخ سەعیدی پیران) کە خاوەنی هێوزێکی دەهەزار چەکداربوو، شاری(لینج)یان ئازادکرد و پارێزگارو کاربەدەستانی تورکەکان گیران ولەجێی ئەوان( فەقێ حسان) کرایە پارێزگار و یاسایەکیان دەکرد، بەپێی ئەو یاسایە ئەو شارە کرایە( پێتەختی کوردستان) بەشێوەیەکی کاتی(بلو،1378هـ، 44؛ حەسرەتیان،2008، 19). شۆڕش لەکاتێکی زۆرکەمدا بەنێوچەکی زۆردا بڵاوبۆوەو زۆربەی باکوری کوردستانی گرتەوە، هەرچوار ویلایەتی(جەنگوش، چەرکان، پاڵۆ، ئالازیك) یان ئازادکرد(1939,264,H.C.Armstrong). هەرلەوکاتەدا و لە ڕۆژی 26ی شوباتی 1925 توانیان دەستبەسەر شاری خارپون دا بگرن(کۆچێرا، 2006، 101). دیارە هۆکاری ئەو سەرکەوتنە خێرایەی شۆڕشگێرانی کورد، دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی تۆبۆگرافیای نێوچەکانی کوردستان و سەختی چیا و دۆڵەکان یارمەتیەکی زۆر کوردی دا و بەپێچەوانەوە بۆتورکان، هەروەها ئەو نێوچانەی ئازادکران ژمارەیەکی زۆر دانیشتوانی تێدا دەژیان ، ئەمەش بەجۆرێك لە جۆرکان هاوکاربوو بۆ شۆڕشگێران(1939,264,H.C.Armstrong). لەگەڵ شەوەی شێخ سەعیدی پیران شاری(تالا)ی کردە مەڵبەندی دانیشتنی خۆی تاوەکو ئەوکاتەی کە بتوانن (دیاربەکر) ئازادبکەن، بەڵام لەم هەنگاوەیاندا سەرکەوتوونەبوون (حەسرەتیان،2008، 25). لێرەدا دوو هۆکار هەبوون کە شۆڕشگێران نەتوانن ئامانجی نەتەوەیی خۆیان بپێکن، کە بریتی بوون لە:

sjh@univsul.edu.iq

1- ئابلۆقەی چەکدارانی کورد لە هەر چوارلاوە، بەجۆرێك (40) هەزار لەشکری سریاری تورك لەباکورو(30) هەزار دیکە لە باشوور،بەمەسەتی ڕێگرتن لە شۆڕشگێرانی کورد، کە هاوکارییان پێ بگات و نەشتوانن بۆ هیچ شوێنێك هەڵبێن.

2- هاوکاری کۆمەڵێك لەسەرکردە و سەرۆك هۆز و عەشیرەتی کورد بۆ پشتیوانیکردنی تورکەکان، لەوانەش عەشیرەتی خورمیك کە مەحمەد خولیوس و عەلی کەمالی برابیدا ژمارەی(800)چەکداریان خستە خزمەتی سوپای تورك و عەشیرەتی حیدران و ژمارەیەکی دیکەش لە عەشیرەتەکانی (ئەلعەزیر و سۆران و لۆلان و دەرسیم) لەپشتەوە هێرشیان کردە سەر شۆڕشگێرانی کورد.

ئەمانە و بەهێزی لایەنی سەربازی و زۆربەی چەکداری سوپای تورك و نابەرامبەری بۆ جەنگاوەرانی کورد لەلایەك ، دروستبوونی ناکۆکی لەنێوان سەرکردەکانی شۆڕش و فەوزای شۆڕش لەکاتی گرتنی( ئەلعەزیز) دا، وایان لە شۆڕشگێران کرد شکستی گەورە بهێنن وبەرەو (پالۆ) و هەندێکشیان بەرەو ئێران بکشێنەوە(حەسرەتیان، 2008، 34) ، پاشان تورکەکان توانیان بەچاوساغی و هاوکاری هەندێك لە کورد، لەناوەراستی مانگی نیسانی 1925 لە دۆڵی(گنجۆ) گەمارۆی شێخ سەعیدی پیران و شۆڕشگێرانی هاوڕێی بدەن و دەستگیرییان بکەن(لازاریف، 2008، 362).

**باسی سێیەم : شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لەنێوان شوناسی ئاینی و نەتەوەییدا**

ئامانجەکانی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران قسەوباسی جیاجیای لەسەردەکرێت و تاوەکو ئێستاش بەردەوامە، هەندێك لە نووسەران لەڕوانگەی نەتەوایەتی و ژمارەیەك لە گۆشەنیگای ئاینی و بەشێکیش بە پلانی دەرەکی کۆنە پەرستی دژ بە عەلمانی دەوڵەتی نوێی تورکیا سەیری دەکەن، بۆیە لێرەدا جێی خۆیەتی هەریەك لەو بۆچوونانە بخەینەڕوو، دواتر شیکاری بۆ بکەین.

یەکەم بۆچوون، پێیان وایە ئەم شۆڕشە شۆڕشێکی ئاینیە و ویستیوتی خەلافەتی ئیسلام زیندووبکاتەوە، بەکورتی بە شۆڕشێکی کۆنەپەرست نێوزەندیانکردووە... دوای ئەو سەرکەوتنانەی کە شۆڕشگێرانی لایەنگیری شێخ سەعیدی پیران بەدەستیانهێناو چەندین نێوەچەی کوردییان ئازاد کرد، تورکەکان دەستیان کرد بە پیلان دانانی بۆ لەنێوبردنی شۆڕش. یەکێك لەپیلانەکانیان دەستیانکرد بە پروپاگەندە کە ئەو شۆڕش (شۆڕشێکی ئاینی)یە، بۆیە تورکەکان بەجیهاندا بڵاویان کردەوە کەوا ئامانجی شۆڕش لای شێخ سەعیدی پیران زیندکردنەوەی خەلافەتە(محەمەد ئەمین، 2000، 257). بەو جۆرە کەمالییەکان بەمەبەست و بەرنامەیەکی پێش وەخت ئامادەکراو هەوڵیان دەدا لایەنی سیاسی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد داپۆشن، لەگەڵ شەوەدا بزوتنەوەیەکی کۆنەپەرستی بیناسێن (رەسول، 2008، 201). بەشێوەیەك باسیان دەکرد، کە ئەم شۆڕشە لەلایەن ڕێبەریکی دواکەوتوو و کاڵ و کرچی ئاینی و سەرخێڵەکانەوە سەرکردایەتی دەکرا، ئەو سەرکردایەتیەی ئامانجیان ئەوەبوو بەر بەو پێشکەوتنخوازییە بگرن کە مستەفا کەمال دەیکات(جوەیدە، 2008، 443). یاخود گەڕانەوەی تورکیا بۆ ڕۆژگاری حوکمی عوسمانی لەنێوچوو، بۆ دەوڵەتێك کە خەڵکی نەزان و ڕێبەری خێڵەکی و پیاوانی ئاینی دەمارگیر سەرکایەتیان دەکرد(رەسول، 2008، 211). لە هەندێك سەرچاوەشدا ئاماژە بۆ ئەوەکراوە، کە کوردەکان هەوڵی ئەوەیان دابوو پێوەندی بە بانگخوازکەرەکانی خەلافەتەوە بکەن وئەگەر شۆڕشی

کورد سەریگرت (سەلیم ئەفەندی کوڕی سوڵتان عەبدولحەمیدی خەلیفەی لابراو)[1]دەکەنە مەلیکی کوردستان(هاوار، 2006، 379).

بەوجۆرە کۆمەڵێك نووسەر گەیشتوبونە ئەو بڕوایەی کە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران هەڵگری گوتارێکی ئاینی بووە، بەپشت بەستن بەو درۆشمانەی شۆڕشگێران لەکاتی شۆڕشدا بەکارییان هێناوەو چەکدارەکانیان بە(مجاهید) ناوبردووە و شێخ سەعیدی پیران نازناوی(أمیر المجاهیدین النقشبندی) پیدراوە.( هاوار، 2006، 378). هەروەها شۆڕش بەنێوی خوادا دەستی پێکردووە و ڕەنگی سەوزیشی وەك هێمایەك کردووە بەئاڵا، دروشمی بژی خەلافەت وبڕوخێ ڕژێمی کۆماری بەرزکردۆتەوە( ڕەسول، 2008، 214). بەڵام دەتوانرێت بوترێت دروشمی ئاینی لەنێو درۆشمەکانی شۆڕشدا لەڕووی تاکتیکیەوە بۆ کوردەکان زۆر گرنگ بووە لەوکاتەدا لەپێناو گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکان و ڕاکێشانی سۆزو هەستی نەتەوایەتی بۆ نێو شۆڕش، بەکارهێنانی و تێکەڵکردنی هەستی نەتەوایەتی لەلایەن شۆڕشگێرانەوە بۆ ڕاکێشانی سۆزی دانیشتوانی موسڵمانی تورکیا بەلای خۆیاندا خاڵێکی ئەرێنی بووە لەو بارودۆخ و ڕەوشەی تورکیای تێکەوتبوو. بەشێوەیەکی گشتی تەواوی ئەو پڕوپاگەندانەی حکومەتی ناسیونالیستی کەمالی بەرامبەر شۆڕش و شۆڕشگێرانی کورد، کەناویان دەبرد بە شۆڕشێکی ئاینی کۆنەپەرست، دوو مەبەستی سەرەکیان لەپشتەوە بووە:

مەبەستی یەکەمیان: تورکەکان هەوڵیان دەدا ڕووی ڕاستەقینەی تەواوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردی باکوری کوردستانی 1925بشێوێنن، بەئامانجی دابڕینی لە جەماوەری تورکی ناڕازی لە سیاسەتی دەوڵەتی تورکیای نوێ.

مەبەستی دوومیان: کەمالییەکان دەیانویست لە ڕیگەی ئەو پڕوپاگەندانەوە بزوتنەوەی باکوری کوردستانی 1925، لە ڕای گشتی جیهانی دابڕن، بۆ ئەوەی هیچ هێزێکی دەرەکی هاوکارییان نەکات( ڕەسول، 2008، 214-215). (مستەفا کەمال)لەوتارێکدا لەبەردەم ئەنجوومەنی گەورەی نیشتمانی تورکدا داوێتی، ئەو ڕاستیەی نەشاردۆتەوە و دەڵێت:" لە هەمو شتێ گرانتر بۆ ئێمە ئەوەیە، کە ئینگلیزەکان پشتیوانی کورد بکەن و یارمەتیان بدەن، دەبێت ڕێگریان لێ بکرێت"(وەرگیراوە لە// سەیفەدین، 2010، 34). لێرەدا دەگەینە ئەوڕاستیەی کە ئەوەی پێیوابووەو پێی وایە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ئاینی و کۆمنەپەرستی بووە، ئەو کەوتۆتە ژێر ئەو گوتارو پڕوپاگەندانەی کە کەمال ئەتاتورك و کەمالییەکان کردویانە بۆ ئەو شۆڕشە، کە خۆشیان لە کۆتایی شۆڕشدا بڕوایان پێ نەبووەو تەواوی سەرکردە گیراوەکانی شۆڕشیان بەتۆمەت و بیانوی نەتەوایەتی لەسێدارەداوە.

دووەم بۆچوون، پێی وابوو شۆڕشی باکوری کوردستان (شێخ سەعیدی پیران) بەهاندانی دەرەکی و بەتایبەت(بەریتانیا و یەکێتی سۆڤیەت) هەڵگیرساوە... لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕش حکومەتی تورکیا، دەستی کردبوو بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و دەیووت: هۆکاری سەرهەڵدانی شۆڕشەکەی شێخ سەعید پێوندی بە بەریتانیاوە هەیە، ئەوانبوو هانی شێخیان داوە تاوەکو ئەو شۆڕشە دەستپێبکات( پارك، 2010، 23). بەڵام بەریتانیەکان ئەوەیان ڕەتکردۆتەوە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو پڕوپاگەندانەش چەندین بەڵگەیان هێناوەتەوە، لەوانە:

یەکێك لەو بەڵگانە ئەوەیە کاتێ شۆڕشەکەی شێخ سەعید کۆتایهات و بەشێك لە شۆڕشگێران و شێخ مەهدی برای شێخ سەعید بەناچاری ڕوویانکردە عێراق، ئەوان لەلایەن ئینگلیزەوە دەست بەسەرکران و ڕیگەی ئەوەیان لێ گیرا کە پێوەندی بە کوردانی باشوورەوە بکەن و وداوای هاوکارییان لێ بکەن دژی تورك(م.ر. هاوار، 2006، 423).

[1] سەلیم ئەفەندی ئەوکات ئاوارەبوو لە بەیروت دادەنیشت( محەمەد ڕسول هاوار، 2006، 371).

sjh@univsul.edu.iq

هەرچەندە لەوکاتەدا بەریتانییەکان لە کێشەدابوون لەگەڵ تورکیا، کێشەی ویلایەتی موسڵ هێشتا یەکلانەکرابووە لەنێوان بەریتانیا و تورکیادا(پیران، 2009، 36). هەر بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بەریتانیا هیچ دەستی نەبووە لەهاندانی کورد بۆ بەرپاکردنی شۆڕش ، رۆبەرت ئۆڵسن زۆر بەقوڵی چۆتە سەر بنج و بناوانی ئەو مەسەلەیە و بەتەواوی دڵنیابووە لەوەی کە ئینگلیز پێوەندی نەبووە بەو شۆڕشەوە نەلە دورەوە ونەلە نزیکەوە" ئاماژەی بۆ دۆکۆمێنتی(730.c.o-28-4-7)کردووە، کە تێدا ئەو هۆکارانە خراوتە ڕوو، کە ڕیگەی بە بەریتانیا نەداوە یارمەتی شۆڕشی کوردبکات.(وەرگیراوە لە// هاوار، 405). (مارتن ڤان برونەس)یش پیی وایە چ نوێنەری کورد و چ نوێنەرانی ئینگلیز ئەو تۆمەتانە بەدرۆ دەخەنەوە، هەرچەندە کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد چەند جارێك داوای یارمەتی و کۆمەکی ماددی وسیاسی لێکردبوون، بەڵام ئینگلیزەکان هیچ جۆرە یارمەتیەکیان پێشکەش بە کورد نەکردووە(2003، 302).

هەرچی سەبارەت بە هاوکاری یەکێتی سۆڤیەتە بۆ شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، ئەوا( رۆبەرت ئۆڵسن) هەولێکی زۆری داوە و لێکۆڵینەوەی وردو تەواوی لەو سەرچاوانەکردووە کە پێوەندیان بە هەڵوێستی سۆڤێتەوە هەبووە، بۆ ئەوەی بزانێت:(ئایا یەکێتی سۆڤیەت لەو رۆژانەدا هیچ جۆرە یارمەتییەکی کوردی داوە ، یان لایەنگری دەستگیربوونی مافی کورد و سەرکەوتنی شۆڕشێکی کوردبێت؟). سەرەنجام بۆی دەرکەوتووە هیچ پێوەندی و هاوکارییەکی بۆ کورد نەبووە، لە هۆی ئەو بایەخنەدانەی سۆڤیەت (ئۆڵسن) نووسیوێتی: سۆڤێتەکان هەستییان بەوەکرد بوو لە پەیمانی(Locarno)دا، دیبلۆماسییەتی ڕووسی ڕیگەی ئەوەی نەئەدا، هیچ جۆرە یارمەتییەکی کورد بدرێت.(2009، 29). (کریس کۆچێرا)ش ئاماژەی بۆراپۆرتێکی سەرکردەی ئەێزی هەوایی بەریتانیا کردووە لە عێراق، کە تێیدا نووسراوە : سەکردەی کوردی باکور وخالید بەگی جبران، بەرلەدەستپێکردنی شۆڕشەکەی پیران لەگەڵ کۆنسوڵی ڕووسیا لە(ورمێ) چاوییان بەیەکدی کەوتووە، خالید بەگ هەوڵی بێسوودی داوە لەگەڵ ڕووسەکان بۆ یارمەتیدانی کورد(وەرگیراوە لە// جوەیدە، 2008، 440). یەکێتی سۆڤیەت نەك هاوکاری کوردی نەکردووە، بەڵکو شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانی بە شۆڕشێکی فیوداڵێ و کۆنەپەرست داناوە(کۆچێرا، 2006، 312). لەلایەکی دیکەوە سۆڤیەت جگەلە شەڕی پروپاگەندە دژی شۆڕش، ڕاستەوخۆ بەشداربوو لە سەرکوتکردنی دا، بەچەك و پارەو یارمەتی ئابووری و هێرشی هەوای و گەلێك شێوازی دیکە هاوکاری و هاریکاری دەوڵەتی نویی تورکیا بوون(هاوار،2006، 419). دەتوانرێت بوترێت ئەو تۆمەتانەش کە گوایە شۆڕشی ێخ سەعید بەپلانی (بەریتانیا و سۆڤیەت)ە، سیاسەتێکی دیکەی کەمالی بووە و دەیانویست لەو ڕێگەیەوە زەمینەیەکی گونجاو لەسەر ئاستی نێوخۆ و دەرەکی بسازێنن، بۆ سەرکوتکردنێکی بێ بەزەییانەی شۆڕش بەجۆرێك کەس لەسەر شۆڕشگێران نەیتە دەنگ.

سێیەم بۆچوون، پێی وایە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، شۆڕشێکی ناسیونالیستی کوردی بووە و لە ستراتیژی ڕاستینەی شۆڕشدا دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسیانەی کوردستانیە... هەرلەسەرەتاوە ئەوانەی زەمینە سازیان بۆ شۆڕش کرد شێخەکان نەبوون، بەڵکو( کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد) بوو بە ڕێبەرایەتی کەسانی ناسراوی وەگو (خالید بەگی جبران)، کە لە سوپای عوسمانیدا ئەفسەربوو، لەگەڵ یوسف زیا و کەمال فەوزی رۆژنامەنوس و دکتۆر فوئاد و کەسانی دیکەی نەتەوەیی(حەسرەتیان، 2008، 74-75). مەبەست لەم خاڵە ئەوەیە شۆڕش لەلایەنی پیاوانی ئائینییەوە پلان و نەخشەسازی بۆنەکراوە لەسەرەتاوە، بەڵکو شێخ سەعید و پیاوانی ئاینی چونیان بۆ کۆمەڵەی سەربەخۆیی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی هاوینی 1923، کە لەرێگەی یوسف زیاوە پێوەندیان پێوەکراوە و زانیارییان پێدراوە کە دەیانەوێت شۆڕشی نەتەوەیی بەرپابکەن لەساڵی 1925دا(ئەمین، 2000 ،101). ئەم بابەتەش هەموو ئەو پروپاگەندانە ڕەت دەکاتەوە، کە

پێیان وایە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ئاینی و کۆنەپەرستە. لەلایەکی دیکەشەوە کاتێك شێخ سەعید پێوەندی بەکۆمەڵەی سەربەخۆییەوە کردووە هێشتا خەلیفەی عوسمانی لەسەر کورسی دەسەڵات بوو.

لەلایەکی دیکەشەوە دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاوبگیرێت کە ڕۆژی نەورۆز (1925/3/20) دیاریکرابوو بۆ بەرپاکردنی شۆڕش، دەستنیشانکردنی وەك جەژنی نەتەوەیی و سەری ساڵی نوێی کوردی بۆ یەکەم ڕۆژی شۆڕش نابێت هەروا بەسادەیی سەیربکرێت و دوور لە ڕەهەندی نەتەوەیەکەی لێکبدرێتەوە(د.جەمال نەبەز، 2007، 72). لە هەمانگاتدا کاتێك سەیری دروشمی شۆڕش بکرێت(سەربەخۆیی کوردستان) کەوتبووە پێش(پەیرەوکردنی شەریعەت)، دروشمی سەرەکی شۆڕشیش بوو(حەسرەتیان، 2008، 75). تەنانەت لەکاتی شۆڕشدا، شۆڕشگێران زۆر بەگەرمی و باوەڕێکی نەتەوەییەوە بەهاواری(بژی سەربەخۆیی ، بژی کوردستان) هێرشیان بۆ سەر دوژمن دەبرد(سەعید، 2003، 109). هەموو ئەمانەش بەڵگەیەکی دیکەن بۆ نەتەوایەتی بوونی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران.

یەکێکی دیکە لەو بەڵگانە کە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە شۆڕشەکەی شێخ سەعید پیران هەڵگری گوتاری ناسیۆنالیستی بووە، بەشداریکردنی چەندین هۆزی ناموسڵمان بوو شان بەشانی کوردە موسڵمانەکان، لە گرنگترین ئەو هۆزانەش وەك( یەزیدییەکان، زازاییەکان)( حەسرەتیان، 2008، 75).هەروەها (دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی) جەخت لەوە دەکاتەوە لە شۆڕشی ساڵی 1925 دا، ژمارەیەك ئەرمەنی و ئاشوری و چەرکەسی و گەلانی تری ناتورك بەشدارییان کردووە و پشتیوانی و هاوبەشی خۆیان بەرامبەر بە شۆڕش دەربڕیوە، هەربۆیە ژمارەیەکیان لێ کوژرا و گیراوە و هەندێکیشیان بەهۆی بەشدارییان و فشاری تورکیا هەڵهاتوون بەرەو باشوری کوردستان و سوریا و ئێران( 2002، 11)، بەشداریکردنی ئەو گەل و هۆزە ناموسڵمانانەش، ئەو بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە کە گوایە شۆڕش بۆ گەڕانەوەی سیستمی خەلافەت و جێبەجێکردنی شەریعەت و یاسای ئیسلام کراوە.

شێخ سەعید پیران مرۆڤێکی نەتەوەیی بووە و تەنانەت ڕەخنەی لەو شێخانەی دیکەی نەقشبەندی گرتووە، کە بایەخیان بە هەستی نەتەوایەتی کوردییان نادەن(ڕەسول، 2008، 221). بۆیە کەسێتی شێخ سەعید و ئەو سەردانانەی بەر لە دەستپێکی شۆڕش دەیکرد بۆ نێوچەکوردییەکان، ئامانجی نەتەوایەتی گەورەی لەپشتەوە بووە(هاوار، 2006، 254)، کە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بووە، لەگەڵ ئەوەشدا درکی بەو ڕاستییەکردووە کە بۆ ڕاکێشان و دنەدان و مسۆگەرکردنی گەورەترین هێزی کۆمەڵایەتی جەنگی خەڵکی ڕەشوکی کورد و کۆماری تورکیای نوێ، کارکردن لەسەر فاکتەری دینی لەکارکردن بەفاکتەری نیشتمانی و نەتەوەیی کاریگەرتر دەبێت، بۆیە لەزۆر جێگەدا لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکان پەنای بۆ بەکارێهنانی زاراوە و چەمکە ئایینە وروژێنەر و هەستیارەکان بردووە(ڕەسول، 2008، 227). لەم بارەیەوە (مارتن ڤان برونەسن) نووسیوێتی: شۆڕشی شێخ سەعید پیران نەتەواو ئاینی و نەتەواو نەتەوایەتی بووە، بەڵام لایەنی نیشتمان پەروەرییەکەی هاندەری یەکەم بووە بۆ شۆڕش(2003، 315). ئەمانەش دەرخەری ڕاستییەکن، کە شێخ سەعید پیران لە هەستێکی قوڵی نەتەوایەتیەوە ڕازیبووە بەبەشداریکردن و سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی 1925.

لەگەڵ هەموو ئەو ڕاستیانەی سەرەوەدا کە ڕوونی دەکەنەوە شۆڕشی شێخ سەعید پیران، شۆرشێکی نەتەوایەتی کورد بووەو ئامانجیشی (کوردستانێکی سەربەخۆ)بووە. لەگەڵ ئەوانەشدا ڕاستیەکی مێژوویی دیکە هەیە کە پەردە لەسەر تەواوی ئەو تۆمەتانە هەڵدەداتەوە کە دەیانویست بەهۆیەوە ڕووی ڕاستەقینەی شۆڕش بشێوێنن و لەهەموو ئەوانەش گرنگتر کەباسکراوە لەکاتی دادگاییکردنی شۆڕشگێران و سەرکردەکانی شۆڕشدا، سەرۆکی دادگای تورك وتویەتی:" هەندێکیان خراپی دامودەزگای بەڕێوەبەری حکومەتان کردە بیانوو بۆ بەرپاکردنی شۆڕش، هەندێکیشیان بەرگریتان

لەخەلافەت کردووە، بەڵام هەمووتان لەیەك مەسەلەدا ڕیککەوتبوون، کە ئەویش کوردستانێکی سەربەخۆیە"، پاشان درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت :"لەبەرئەوەی ئامانجتان دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆیە، سزای تاوانەکانتان قەنارەیە و دەبێت بیدەین"(وەرگیراوە لە //قاسملو، 2006، 58؛ مام ولی، 2008، 46).
دیارە دادگای تورکیاش بڕیاری لەسێدارەدان کەبەسەر شێخ سەعید پیران و شۆڕشگێرەکانی دیکەدا کە دەردەکات، هۆکارەکەی تەنها مەسلەی کوردستانێکی سەربەخۆبووەو باسی هیچ شتێکی دیکە تێدا نەکراوە.

### ئەنجام

یەکەم// هۆکاری هەر ڕاپەڕین و شۆڕشێك، دەرخەری ئامانجی ئەو شۆڕش و ڕاپەرینانەیە . لێرەوە کاتێك سەیری فاکتەرەکانی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران دەکرێت، هەر لەپەشیمانبوونەوەی کەمالییەکان لەو بەڵێنانەی بە کوردیان دابوو کاتی شۆڕش و جینۆسایدکردنی نێوچە کوردییەکان و دەستوری نوێی تورکیا و شێواندن وبردنی ئابوری کوردستان، تاوەکو دەگاتە بەستنی پەیماننامەی لۆزان و پشتکردن لە پەیماننامەی سێڤر کە هیچ باسی کوردی تێدا نەکرابوو، لەگەڵ سەرکوتکردنی شۆڕشی قۆچگری 1921 ی باکووری کوردستان بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە، بەئاسانی دەگەینە ئەوەی بوترێت کە شۆڕشەکە شۆڕشێکی نەتەوایەتی بووە و ئامانجی کوردستانێکی سەربەخۆ بووە.
دووەم// بەرزکردنەوەی درۆشمی ئاینی لەلایەن سەرکردەکانی شۆڕشی(1925)ەوە، تەنها بۆ ڕاکێشانی ئەو شێخ و پیاوە ئاینییە کورددانە بوو کە لە نێو هۆزەکاندا خاوەند دەسەڵات بوون، لەلایەکی دیکەشەو دەیانویست لەو ڕێگەیە سۆزی موسڵمانانی غەیری کوردیش بەلای خۆیاندا ڕابکێشن تەنانەت موسڵمانە تورکەکانیش بێت.
سێیەم // بەپشت بەستن بە چەندین سەرچاوەی مێژوویی دەتوانرێت نەتەوایەتی بوون و هەستی نەتەوایەتی لە شۆڕشی شێخ سەعید پیراندا بەرجەستە بکرێت، لەسەرهەموویانەوە ئەوەی زەمینەی بۆ شۆڕش رەخساند کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان بوو نەك شێخەکان، هەروەها پێش ڕەتکردنەوە خەلافەت شێخ سەعید پێوەندی بەو کۆمەڵەیەوە کردبوو، دواتر دەبێت دەبێتە ڕابەری شۆڕشەکە. دیاریکردنی ڕۆژی نەورۆز بۆ دەستپێکردنی شۆڕش خاڵێکی گرنگ و پێویستە لەڕوانگە نەتەوەییەکەوە سەیر بکەین، کە دیارە ئامانج لەمەش بەجەماوەرییکردنی زیاتری شۆڕشەکە و فراوانکردنی جوگرافیای شۆڕشەکە بووە.
چوارەم// ئامانجی لە توێژینەوەیەکی وەها ساغکردنەوەی بابەتێکی مێژووی هەستیارە لەنێو مێژوونوساندا کە تاوەکو ئێستاش بۆچوونی جیاواز و گوماناویی هەیە سەبارەت بە شوناس وئامانجی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران کە ئاینییە یاخود نەتەوایەتییە.

sjh@univsul.edu.iq

**سەرچاوەکان**

یەکەم : پەرتوکەکان:

(أ)کوردییەکان:

1- ئازاد مام ولی: هۆزی گەڵاڵی – لە مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، تێروانینێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بێ چاپخانەو شوێنی چاپ، 2008.

2- ئاوارە حسین: کوردو دەوڵەت، چاپخانەی سیما، سلێمانی ، 2002.

3- ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و د. خەلیل علی موراد(دکتۆر): مێژووی ئێران و تورکیا، و. بەهادین جەلال مستەفا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، 2011.

4- ئیسماعیل بێشکچی: سی و سێ گوللە، و.ئاسۆس هەردی، سلێمانی ، 1999.

5- ئەفراسیاو هەورامی(دکتۆر): شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و سۆڤیەت، سلێمانی ، 2002.

6- ئیحسان نوری بێتلیسی: شۆڕشی نەتەوەی کورد لە تورکیا، و.مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی ، بەغداد، 1993.

7- ئیریك جەی روچەر: مێژووی هاوچەرخی تورکیا، و.پ.د.یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیڤا، سلێمانی ، 2009.

8- بەیار مستەفا سەیفەدین: سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر تورکیا و کاریگەرەکەی لەسەر کوردستان ، و سەرحەد ئەحمەد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ، 2010.

9- بیل پارك(دکتۆر): سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بەباکوری عێراق، و.بەرزان مەلا تەها، سلێمانی ، 2010.

10- جمال نەبەز(دکتۆر): کوردستان و شۆڕشەکەی، و. کوردۆ، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید،1985.

11- جەعفەر عەلی ڕەسول(دکتۆر): سۆفیزم و کاریگەری لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد دا (1880- 1925)، چاپخانەی تیشك، سلێمانی ، 2008.

12- جەلیلی جلیل: هەندێ سیمای کۆمەڵایەتی وسیاسی و کەلتوری کورد، و. ئەنوەر قادر، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ، 2006.

13- جەمال نەبەز(دکتۆر): کوردستان و شۆڕشەکەی، چاپی سێیەم ، چاپخانەی هەولێر، 2007.

14- جویس بلۆ(دکتۆر): دۆزی کورد( لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سۆسیۆلۆجیە)، و.رزگار محمد، سلێمانی ، 2000.

15- ڕەمزی قەزاز: بزوتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد لە کۆتایی چەرخی نۆزدە تاوەکو ناوەراستی چەرخی بیست، چاپخانەی ژین، سلێمانی، 1971.

16- رۆبەرت ئۆڵسن: شێخ سەعیدی پیران ، و. ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی ، 2009.

17- عبدالرحمن قاسملو(دکتۆر): کوردستان و کورد، و. عەبدوڵڵا حەسەن زادە، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2006.

18- عەبدولعەزیز یامولکی: کوردستان و ڕاپەرینەکانی کورد، و، شێرزاد کەریم، بێ شوێنی چاپ، سلێمانی ، 1999.

19- عەبدوڵلا ئۆجەلان: لەدەوڵەتی راهیبی سۆمەر بەرەو شارستانی دیموکراسیانە، و.لوقمان عەبدوڵڵا، چاپی دووەم، چاپخانەی رەنج، 2004.

20- عوسمان عوزیری: شۆڕشی دیاربەکر، ئامادەکرنی بەرزان حاجی ئیبراهیم چەرمەگا، چاپخانەی یاد، سلێمانی .

21- فەوزی شێخ عبدالرحيمی پیران: شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لەروانگەی بنەماڵەکەیانەوە، و. سەردار محەمەد، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ، 2010.
22- کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین: کوردستان لەنێوان ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەیی(1890- 1933)، چاپخانەی سەردەم، بێ شوێنی چاپ.
23- کریس کۆچێرا: کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا، و. حەمە کەریم عارف، چاپی سێیەم،چاپخانەی شڤان، 2006.
24- م.أ.حەسرەتیان: یاسا دەستورییەکانی تورکیا و کورد لەسەردەمی نوێ دا ، و. دلێر ئەحمەد، مەڵبەندنی کوردۆلۆجی، سلێمانی ، 2007.
25- م.ڕ.هاوار: کوردو باکوری کوردستان لەسەرەتای مێژووەوە هەتا دوای شۆڕشی شێخ سەعید پیران ، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی خاك، 2006.
26- م.س. لازارێف: مێژووی کوردستان ، و.هۆشیار عەبدوڵلا سەنگاوی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2008.
27- م.ئە.حسرەتیان: ڕاپەڕینی کوردان ساڵی 1925، چاپی دووەم، و.جەلال دەباغ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2008.
28- مارتین ڤان برونەسن: ئاغاو شێخ و دەوڵەت، و.کوردۆ عەلی، سلێمانی ، 2003.
29- مسعود عبدالخالق: رۆڵی عەلمانیەت لە دروستبوونی مەینەتی کورد، چاپی سێیەم،چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2012.
30- میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی کوردو کوردستان لە هاتنی ئیسلامەوە تا 1971، چاپخانەی ئازاد هەورامی، کەرکوك، 2008.
31- هیوا عزیز سەعید: ناسیۆنالیزمی کوردی 1880- 1939، سلێمانی ، 2003.
32- وەدیع جوەیدە(دکتۆر): جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد، و.یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما، سلێمانی ، 2008.

(ب) عەرەبیەکان:
1- بیار مستەفا سيف الدين : توركيا و كوردستان العراق،(الجارين والحائرين)، المطبعة خانێ، 2008.
2- حامد محمود عيسى: القضية الكردية في تركيا، مكتبة مدبولي، القاهره،2006.
3- خليل على مراد(دكتور) وآخرون، القضية الكردية في تركيا وتأثيرها على الدول الجوار ، مركز دراسات تركية، موصل، 1994.
4- عبدالفتاح بۆتانی: الوسائل الحركة القومية الكردية تحررية، مطبعه وزارة التربيه، أربيل، 2008.

(ج)ئینگلیزییەکان:
1- Armstrong:Grey wolf Mustafa Kamal,London,1934.
(د)تورکییەکان:
1- Hasan Yıldız, Fransız Belgeleriyle Sevr-Lozan-Musul Üçgeninde Kürdistan, Heviya Gel Yayınları, Köln, 1990.

2- Hamit Bozarslan, "Türkiye'de Kürt Milliyetçiliği: Zimni Sözleşmeden Ayaklanmaya 1919-1925", Imparatorluktan Cumhuriyete Türkiye'de Etnik Çatışma. Der. Erik Jan Zürcher, İletişim Yayınları, İstanbul, 2005.

(هـ) فارسييەکان:

1- جويس بلو: بروسى جامعه شناسى و تاريخى مسئلەکرد،ت.برۆيز أسينى، سنندج، 1378هـ.

2- علاء الدين سجادى، تأريخ جنبش هاى آزادى بخش مردم كرد، سنندج، 1380هـ.

دووەم: گۆڤارەکان :

1- .فؤاد حمه خورشيد(دکتۆر): کێشەی کورد ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە(19)، 2000،

2- سەلام عبدالکريم:جينۆسايدی کورد لە باکوری کوردستان لە ماوەی سەدەیەکدا، گۆڤاری نوێبوون، بەهاری 2008.

3- فەوزی شێخ عبدالرحيم پيران: کاريگەرييەکانی شۆڕشی شێخ سەعيد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتيدا، گۆڤاری چيا، ژمارە(26)، 2009.

4- کێلی ليەری: کاريگەری کەماليزم لەسەر بزوتنەوەی جوداخوازی کوردی، گۆڤاری جورناڵ، ژمارە(36)، 2019.

5- نەوال عەبدولجەبار سوڵتان(دکتۆر): ئايندەی ڕووبەڕووبوونەوەی عيلمانيەت و ئيسلام لە توركيا، گۆڤاری سەنتەری ستراتيجی، ژمارە(2)، 2007.

سێيەم : سەرچاوەی زانکۆيی:

1- تەلار علی ئەمين: سياسەتی کەمالی و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد لە باکوری کوردستان (1918-1938)، بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی صلاح الدين، 2000، (ماستەرنامە).

چوارەم: دەستنوس:

1- پشکۆ حمە تاهير ئاغجەلەری(دکتۆر): مێژووی هاوچەرخی کوردستان و کورد 1914- 1991، 2024، (دەستنوس).

**الملخص**

ثورة الشيخ سعيد بيران، بين الهوية الدينية و القومية ١٩٢٥:

ثورة شمال كردستان الذى خططت لها (جمعية الاستقلال/الحرية)، بعد ذلک اخذ الشيخ سعيد بيران قيادة الثورة على عاتقة وكان من المقرر اعلان الثورة في ٢١_٣_١٩٢٥م، ولكن بدآت الثورة قبل الوقت المحدد، وشملت هذه الثورة مناطق واسعة في شمال كردستان ولجآ أناس كثيرون الى الثورة. قامت الاتراک بعدة خطوات عسكرية ولكن لم يقتطيعوا احيان الثورة بشلک كامل، لذا قاموا بالمؤمرات دولية ضد الثورة وأشاعوا:

بأن هذا الثورة، ثورة رجعية وهدفيها احيان الخلافة، بهذا استطاعوا ان لقيطوا الدعم الخارجي للثورة و قاموا باخمادها. وبعد قرن من الزمن هناكا اكثير من المناقشات والستأولات، عن هذه الثورة: هل كان ثورة دينية أم ثورة قومية؟

نحاول في هذا البحث ان نصحح جميع المؤمرات و الكتابات التى اعتبرت هذه الثورة ثورة رجعية، وفي الحقيقة و حسب جميع الواثائق و الكتابات هذه الثورة قامت ثورة قومية و هدفها استقلال الكردستان .

**summary**

Sheikh Saeed Piran Revolution, Between Religious and National Identity 1925:

The North Kurdistan Revolution, which was planned by the Independence/Liberty Association, was later led by Sheikh Saeed Piran, this revolution was expected to start on (21th, March 1925), but it was begun ahead its appointed time. This revolution was able to cover a large part of North Kurdistan and many citizens followed the call of the revolution. The Turks, after taking several military steps, could not completely suppress the revolution, so they launched an international conspiracy against the revolution and proclaimed that it was a conservative revolution and they wanted to revive the caliphate, So they were able to eliminate international support for the revolution and put an end to it. After a century, this revolution is the subject of much debate. Is it religious or national? In this study, we want to correct all the conspiracies and writings that call this revolution conservative, which in fact, according to all the real documents and writings, the revolution was a national revolution and its goal was an independent Kurdistan.

sjh@univsul.edu.iq